# خالید حوسەینی
# بە دوای {کۆلارە فڕێن} دا

*دیدار مەسیفی*
dmasifi289@yahoo.ca



ئەنتوان چیخۆڤیش دکتۆر بوو !
خوێنەر دوایی تەواوکردنی رۆمانی {کۆلارە فڕێن}ی دکتۆر خالید حوسەینی لەوانەیە ئەم رستەیەی سەروو بە خەیاڵیدا گوزەر بکات و لە دوورەوەی وێرانەی کابولدا تارمایی چیخۆفێکی دیکە بەدی بکات. کە لە سەردەمێکی دیکەدا ئەویش وەک چیخۆفی گەورە خەریکی باس کردنی ئەو کارەکتەرانەی کە ژان و ئازارەکانیان بنیان نایەت. خالید حوسەینی بە رەچەڵەک قزلباشێکی ئەفغانیە و لە بەهاری 1962 لە کابول لە خێزانێکی ئەریستۆکرات لە دایک بووە. باوکی دیپلۆمات بوو لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی زاهیر شا و دایکیشی مامۆستای ئەدەبی فارسی، و هەردووکیان پێکەوە چەند ساڵێک لە پاریسدا ژیانیان بەسەر بردبوو.
خالید ئەمرۆ یەکێکە لە ناوە دیارەکانی دونیای ئەدەب لە رۆژئاوا و یەکەمین رۆمانی بە ناوی {کۆلارە فڕێن} تا ئێستاش یەکێکە لە سەرووی لیستی پڕ فرۆشترین کتێب لە ئەمریکا و کەنەدا. ئەم رۆمانە سەرەرای ئەوەی کرۆنۆلۆژییێکی خێرای رووداوەکانی سی ساڵەی دوایی ئەفغانستانە، کەچی وەک دەقێکی ئەدەبی پڕە لە وێنەی  تاڵ و شیرین کە لە کاتی خوێندەنەوەیان هەم لە ناخەوە خوێنەر دەهەژێنن، وە هەم دەیبەین بەرەو نۆستالژیاییێکی لە یاد نەچوو. لە {کۆلارە فڕێن} دا خالید حوسەینی بە زمانێکی سادە و شێوازێکی پڕ لە ووردەکاری چیخۆڤانە بەسەرهاتەکانی کۆمەڵگای ئەفغانستان دەگێڕێتەوە و وەک دکتۆرێک دەست دەخاتە سەر برینەکانی و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات. سەرەتا رۆمانەکە باس لە سەردەمی منداڵی دوو برا دەکات کە خۆیان نازانن برای یەکترن. ئەوەش ئەگەر لە دیوێک گەورەترین خزمەتی بە رۆمانەکە کردبێت بۆ زیاتر پەلکێش کردنی خوێنەر لە گەڕان بە دوای بنبەستی رووداوەکان، لە دیوێکی تردا فەنتازیای ئەو فلیمە هیندیانە نیشان دەدات کە زۆربەیان کاری گێرانەوە دەکەن بە قوربانی ناوەرۆک. بەڵآم بە هۆی ووردەکارییێکی هەستیار لە زمانی گێڕانەوە، لە {کۆلارە فڕێن} دا ئەو فەنتازییایە ئەگەر ساکاریش بێت ئەوا هەرگیز جێگای رەخنە و لاواز بوون نیە مادام خوێنەر بەرەو قووڵایی مەسەلەکان دەبەن کە ئەمرۆکە ئەفغانستانیان گەیاندووە ئەم دەردە.
خالید حوسەینی لە پاش {کۆلارە فڕێن} وە باڵەکانی واڵآترن لە جاران، ئەو بەردەوام لە مالەکەی خۆیەوە لە کالیفۆرنیا بەرەوە شوێنە دوورەکان دەفڕێت. دەچێتە ئەفغانستان، ئەمریکای لاتین، یان بەرەو ئەفریقا دەفڕێت بۆ یارمەتی دانی پەنابەران. لەم کارەی دا هەست دەکەیت ئەو تەواو دەیەوێت کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەی {ئەمیر} لە ناخی خۆیدا بچێنێت  و بە دوای رزگار کردنی ئەو منداڵانە دا بچێت کە شەر و کوشتار ژیان و چارەنووسی لێ تاڵ کردوون.
 پێنج ساڵ تێپەڕچوون بەسەر چاپکردنی {کۆلارە فڕێن} و دوور کەوتنەوەی خالید حوسەینی لە نوسین، بۆ تامەزرۆیانی رۆمان کاتەکە لە ئەوەش درێژتر خۆی نیشان دەدات و لەوانەیە وای لێکردبن کە لەمەودوا لە توانایی ئەو نووسەرانە گومانیان هەبێت کە بە کتێبێک خۆی نیشان دەدات و دوایی لە پڕدا وون دەبن.
 بەڵآم لەم نزیکانە خالید حوسەینی بە رۆمانێکی دیکە بە ناوی {هەزاران خۆری گەش} جارێکی تر خۆی خستەوە بەر دیدی خوێنەران تا باس لە برینێکی دیکەی جەستەی میللەتانی ئەفغانستان بکات. ئەو تایتلەی خالید دەڵێیت خۆی بە دوای مانایەکدا دەگەڕێت بەر لەوەی کەس پێشبینی ئەوە بکات و بپرسێت کە ئایا کۆلارەی بەهرەی خالید حوسەینی لە داهاتودا بەرەو ئەو هەزار خۆرە دەفڕێت، یان لە نیوەی رێگاوە فیشەکی رۆژێکی رەش دەیسوتێنێت. لە دەرکەوتنی وەڵام

بۆ هەر یەکێک لەم دوو دیمەنە ئەوەیە کە خالید حوسەینی خامەیەکە کە لە راستی بترازێت شتێکی دیکە ناگێڕێتەوە!